# بۆچی سکاڵایان لە دژی براکانیان تۆمارکرد؟



**هانا بردن بۆ دادگا**

کاتژمێر(١٠)ی بەیانی بوو کە داوای ژمارە(٤٠٩٠) لەبەردەم دادوەردا نۆرەی هات و دادوەر بانگی کرد ئەم ناوانە بێن(نەجیبە، پیرۆز، گولیزار، عەیشان).

پاسەوانەکەی بەر دەرگا، یەکە بەیەکەی ناوەکانی خوێندەوە و بانگی کردن، ئەوانیش هەر یەکەو لە جێگەی خۆی بەڵێیەکی کرد و چوونە پێش، پاسەوانەکە کە دیتی هەر چواریان هاتنە پێشەوە، ناوەکانی دووبارە لێ پرسینەوە و لێیانی دووپاتکردەوە، ئەوانیش سەری بەڵێیان بۆ لەقاند، پاسەوان دەرگای ژووری دادگای کردەوە و هەر چواریان چوونە ژوورەوە، دادبینی دەستپێیکرد و دادوەر دوای خوێندنەوەی داواکارییەکانیان داوای لێکردن یەکێکیان قسە بکات و چی بەڵگەیەکی هەیە بیانخاتەروو.

(پیرۆز) کە لە هەموویان گەورەتر بوو گوتی: جەنابی حاکم، بەڵگە لەوە زیاتر کە ئێمە کچی باوکی خۆمانین و وەکو دوو برایەکەمان میراتگری ئەوین، کەچی هەر چوارمان بێبەش کراوین و لەهەموو شتێك دەرکراوین، کارەکە بە فێڵ کراوە ، باوکم، ئاگا و هۆشی لاواز بووە، پاشان ئێستاکە ناتوانێ نە قسە بکات و بشیڕوات، نەخۆشی پەکی خستووە، ئاخر بەم تەمەنە چۆن خانوویەکی هەزار و پێنج سەد مەتری دەفرۆشێ تاوەکو خانوویەکی دوو سەد مەتری پێ بکڕێت، چ ماقووڵە یادگارییەکی بیست ساڵ لەمەوبەری، بیست تەمەن، ژیانی تاڵ و شیرین، لەیەك ساتدا بفرۆشێ.؟ داوا لە دادگا دەکەین ئەو کڕین و فرۆشتنە هەڵوەشێنێتەوە و موڵکەکە بۆ باوکم بگەڕێتەوە.... ئەو قسانە تۆمارکران و دادبینی بۆ رۆژێکی تر دواخرا بەو مەبەستەی لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە بکرێت.

**باوکێکی پەککەوتەو دوو کوڕی چاو لە میرات بڕ**

(پیرۆز) کە کچە گەورەی (حاجی خدری حاجی مەحمود) بوو کە لە هۆڵی دادگا هاتە دەرەوە، بەرەو رووی چووین، تا لە بارەی کێشەکەیانەوە قسەمان بۆ بکات، کە لێی نزیکبووینەوە پێمان گوت: بەرێکەوت گوێبیستی کێشەکەتان بووین و بۆیان گێڕاوینەتەوە کەوا دوو برا هەن و خەریکبوونە دەست بەسەر سەروەت و سامانی باوکتان بگرن، بۆ ئەوەی ئێوە بێبەش کەن، گوایە بۆچی زاوا میراتی خەزوری ببات و بەبەری بکەوێت،(پیرۆز) ئاهێکی هەڵکێشاو لە دەرگای هۆڵی دادگا وردە وردە بەرۆیشتن لە کاتی گوێگرتن لە ئێمە دوور دەکەوێتەوە، ئەوەبوو گوتی: با لەسەر ئەو کورسییە دابنیشین، کە دەورووبەرەکەی چۆڵە و قسەکانیش زۆرن و مەسەلەکە برێك دوور و درێژە بەپێوە ناگێڕدرێتەوە، ئێمەش بە گەڵی کەوتین و لەسەر ئەو کورسییەی کە هی سێ کەسی بوو، دانیشتین و گوێمان لە(پیرۆز) گرت کە کێشەکەیان بۆ باس بکات، ئەویش دەستی بە گێڕانەوەی کێشەکەیان کرد و گوتی: هەمووی دوو مانگێکە دایکمان مردووە، من و هەر سێ خوشکەکەمان لە مانگی یەکەمدا سەردانی بابانم دەکرد و بە نۆرە شەو لای دەماینەوە ئێمە هەر چوارمان شوومان کردووە، بەڵام لەوەتەی دایکمان مردووە کردوومانە بەخشتە، هەر شەوەی یەکێکمان لەلای دەمێنینەوە و خزمەتی دەکەین، جگە لەو خوشکانە ، دوو براشمان هەن کە ئەوانیش ژن وماڵیان هەیە، تا دایکمان مابوو، دایکمان بەخۆی خزمەتی باوکمی دەکرد و ئێمەش یارمەتیمان دەدا، بەڵام ئێستاکە بە تەنیا ماوەتەوە، باوکم نزیکەی چوار مانگێکە جەڵتەی مێشك لێی داوە، ئەگەرچی نەبووە هۆی مردنی بەڵام ئیفلیجی کردو زمانیشی لاڵ بوو، دوای مانگێك لە مردنی دایکم، براکانم گوتیان چیتر پێویست ناکات ئێوە هەر رۆژەی یەکێکتان لەلای بمێننەوە و منەتی زاوایان هەڵگرین، ئێمە بەخۆمان خزمەتی دەکەین و شەو و رۆژیش ئاگامان لێی دەبێت، ژن و منداڵەکانمان وەکو پەپوولە لە دەوری دەبن و بایەخی پێ دەدەن

و هەرچی پێویست بێت و چی بۆی دەیکەن. ئەوەبـــوو هەردووکیان بە ماڵـــەوە چوونە ناو خانووەکـــەی باوکـــم و لەگەڵی دانیشـــتن، ئەگەرچـــی ئێمەیان دەردەکـــرد، بەڵام لەبەر خاتـــری باوکمـــان بەرگـــەی هـــەر جۆرە ســـووکایەتی و نالەبارییەکمـــان دەگـــرت، دەمانزانی ئەوەی ئەوان دەیکەن لە تەماحانە و، نـــەك لەبەر خاتری باوکمـــان بێت، باوکم خانوویەکی هەزار و پێنج سەد مەتری هەیە و شوێنی ئەو خانووەش شوێنێکی بازرگانییە و حەفتا هەشتا دەفتەر دۆلار دەکات، هەموو ئامانجەکەیان خانووەکەیە نەك باوکم، کە دوو براکەم چوونە نـــاو خانووەکە من بە پیاوەکەم گوت منیش دەچمە ناوی، ئەو گوتی نەخێر من نایـــەم و رازی نیم تـــۆش بچی، ئێمە خانـــووی خۆمان هەیە و لە خوا بەزیاد بێت چ کێشـــەیەکمان نییە، کێشەمان بۆ دروست مەکـــە، ئـــەوان کوڕی ئەون بـــا بچنە لای کەیفی خۆیانە، هەمـــوو هەفتەیەك دووجار سێ جار سەردانی باوکمان دەکرد، هەستمان دەکرد دەیەوێ شـــتێك بڵێ، بەڵام نەیدەزانی، پرسیارمان لێدەکرد نەیدەتوانی وەڵام بداتەوە، تا رۆژێك من و(نەجیبە)ی خوشـــکم لەلای بووین و ماڵی دوو برایەکەمان کەسیان لەماڵ نەبوون، بابم بە نیگاکانی تێیگەیاندم دەیەوێ شـــتێکم پێ بڵێ بـــەڵام ناتوانـــێ، منیش بە(نەجیبـــە)م گـــوت، گوتم:(نەجیبە) بابە قسەیەکی هەیە بەڵام ناتوانێ، دەریبڕێت، چی بکەین،؟ ئەویش گوتی: با پرسیاری لێبکەین بزانین دەتوانین ئاشـــکرای بکەین، دەستمان کرد بە پرسیارکردن لێی گوتمان ئازارت دەدەن و خزمەتت ناکەن؟ سەری دەلەقاند بە نەخێر، گوتمان، بێزاریـــان کردووی وەڵامەکەی هەر نەخێر بوو، گوتمـــان دەتەوێ بێیتە لامان ؟ نەخێـــر، گوتمان بێینـــە لات؟ نەخێر، دوای کاتژمێرێـــك پرســـیارکردن ئینجا من گوتم: دەیانەوێ خانووەکە بفرۆشـــن؟ سەری لەقاند وەك بیـــەوێ بڵێ: بەڵێ گوتمە(نەجیبە) ی ئەوە نهێنـــی هاتنی ئەو دوو برایەمان زانی، بڵێ بۆ فرۆشـــتنی خانووەکە هاتوونەتە لای نەك بۆ خزمەتکردنی، ئەوەبوو ئێمە هەر چوار خوشك کۆبووینەوە و گفتوگۆی بابەتەکەمان کرد و گەیشـــتینە ئەو بڕوایـــەی تا بابمان مابێ کەس بۆی نییە باســـی فرۆشـــتنی خانوو بکات، ئێمە پێکهاتین لەســـەر ئەوەی کە لەگەڵ هەردووکیان قسە بکەین و ناڕازی بوونی خۆمان بـــاس بکەین، لەلای باوکمان ماینـــەوە تا ئەوان ئێوارەکەی هاتنەوە ئەوجا بانگـــی لای بابمـــان کردن و باســـەکەمان کردەوە، سەرەتا لە قسەکردنێکی ئاسایی بووە مشتومڕ، ئەوان سەرەتا نیمچە دانپیانانێکی ناڕاســـتەوخۆیان بە مەسەلەکەدا هێنا، بەڵام کە دیتیان خەریکە هەڕەشـــە لە نەخشەکەیان دەکەین و دەبینە هۆی هەڵوەشـــاندنەوەی ئەو نەخشەیان کە دایانڕشتبوو، کردیان بە مشتومڕ و شـــەڕە قســـە، بە کورتی هەر چواریان لە ماڵە بابی وەدەرنا، دواتر خۆیان لە باســـەکە بێ دەنگ کرد، وا دیاربوو مەبەســـتیان بوو بە دەرکردنی ئێمە، لە باســـەکە سارد بینەوە، خانووەکە بفرۆشـــن و نەخشـــان و پەخشان بە پارەکە بکەن و باوکمان فڕێدەنە ســـەر شەقام و ئێمەش لە هەموو شـــتێ بێبەش بکەن، لە راســـتیدا ئێمە ئەوەندەی پەرۆشـــی باوکمان بووین، ئەوەندە لە بیری مۆڵکەکەدا نەبووین، بەڵام چارەنووســـی باوکم بە هێشـــتنەوەی موڵکەکە بەســـترا بۆوە، فرۆشتنی مۆڵکەکە واتە مردنی باوکم بەرەزاڵەتی و زیان گەیاندن بـــە ئێمەش، بۆیە وامان بـــە چاك زانی کە سکاڵا تۆمار بکەین تا کار لە کار نەترازاوە، ئێســـتا کە لە هۆڵی دادگا هاتینە دەرەوە بە نیازین پارێزەرێکیـــش بگرین، ئەو برایانەمان هاتوونە بریکارنامەیەکی تایبەتیان بە باوکم مۆرکردووە و فەرمانبەرێکیان هێناوە و وایان تێگەیانـــدووە کە باوکم تەنیـــا ئیفلیج بووە، عەقڵی تەواوە و دەشـــتوانێ قســـە بکات، بۆیەش ئەو موڵکە دەفرۆشـــێ مەبەستیەتی کە خانوویەکـــی بچووکتر و تـــازە بکڕێت، دەیەوێ خانووەکەی بگۆڕێ و حەزی بە ئێرە نەماوە، کابرای فەرمانبەریش لەسەر قسەی ئەوان کە دیتی باوکەکەیان ناڕەزایی دەڕنابڕێ بەتایبەتی کە پێـــی گوت ئەو بریکارنامەیە بۆ ئەوەیە موڵکەکەت بفرۆشـــی، بە هەرحاڵ براکانم دەچنە نووســـینگەیەکی دەلالی بۆ فرۆشـــتنی مۆڵکەکە و گوایە ئەوان هەردوو براکـــەم بەخۆیان، خۆیان کردبووە کڕیار و بڕە پارەکەیان دابووە نووسینگەکە و گرێبەستێکیان پـــێ نووســـیبوو، ئێمـــەش بەرێکـــەوت بە مەسەلەکەمان زانیبوو کە دوای مشتومڕە کە چییان کردووە، بەهەرحاڵ چووین سکاڵامان تۆمارکرد، داوامـــان لە دادگا کرد باوکمان بانك بکرێت و لێی بپرســـێ داخۆ رازییە بە فرۆشتنی ئەو موڵکە یان نا، جارێ باوکمان زیندووە ئەوان دەیانەوێ بیمرێنن.

## دەرکەوتنی راستی

نەجیبە دەڵێـــت: دوای ماوەیەك دەرەنجامی ســـکاڵاکەیان پێگوتین کەوا دادگا کڕین و فرۆشتنەکەی بەتاڵ کردۆتەوە ئێمەش داوامان کرد باوکمان ماوە رێگە نەدرێت دەســـتکاری کڕین و فرۆشتن بەو موڵکە بکرێت، چونکە براکانـــم بێجگە لەوەی تەماح بەری چاوی گرتوون و بە هـــەر جۆرێك بێ باوکم لەهەر هەڵســـووکەوتێکی ئـــەوان زیانمەنـــد دەبێ، رقیشیان لە ئێمە دەبێتەوە گوایە بۆچی(زاوا) ببێتـــە برا بەشـــی ئـــەوان و میراتیان ببات نازانن ئەگەر لە وەرگرتنی میراتی باوکمان مێردەکانمـــان ســـوودمەندبن، ژنی ئەوانیش بێگانـــەن و هیچی باوکمـــان نین ئەوانیش سوودمەند دەبن.

**نەجیبە لەبەردەم دادوەر گوتی: جەنابی حاکم بەڵگە لەوە زیاتر دەبێ چی بێ کە ئێمە کچی باوکی خۆمانین و وەک دوو براکەمان میراتگری ئەوین، کەچی هەر چوارمان بێبەش کراوین و لە هەموو شتێک دەرکراوین!!**





# مۆبایل تاوانێکی ئاشکرا کرد!!



ئا: باوکی میدیا

## لەنێو فایلەکانی دادگاوە

### لە دادگا بەدەم هەنسکی گریانەوە

(پرشنگ) کە مێردەکەی بەهۆی ڕووداوێك مردبوو، چووبووە بەردەم دادگاو بە هەنسکی گریانەوە گوتەی خۆی دەدا، ئەوکاتیش دادوەر (کە کەسێکی بە ئەزموون و بەوردبین بوو) دانیشتبوو بە وردی چاوی بڕیبووە پرشنگ و گوێی لە قسەکانی گرتبوو، یاریدەدەرەکەشی قسەکانی بەشێوەیەکی دادوەرانە و بە پوختی دەنووسییەوە، کە قسەکانی تەواوبوو دادوەرەکە لە پرشنگی پرسی، چۆن دەزانی (شوبراکەت) ئەو تاوانەی کردووە؟ ئەویش لەوەڵامدا گوتی: بەو بەڵگانە، پرشنگ دەستی لە گریفانی ناو هەندێ شتی دەرهێناو لەسەر مێزی دادوەری دانا... پاش نزیکەی کاتژمێرێك لە پرسیار و وەڵام و لێکۆڵینەوە (پرشنگ) لە ژووری دادوەر هاتە دەرەوە و برا گەورەکەی و باوکی و دایك و هەردوو خوشکەکەشی لێی چوونە پێش و پرسیان: ها چی بوو؟ گوفتاری خۆت بەتەواوەتی دا؟ ئەویش گوتی: بەڵێ، هەرچیم دەزانی و هەرچیم پێ بوو بەدادگام گوت... ئەوەندەی پێنەچوو، پرشنگ و کەسوکاری چوونەوە بنکەی پۆلیس و لەوێش هەندێ ڕێککاری پێویست هەبوو ئەنجامدرا و پاشان فەرمانی دەستگیرکردنی (یونس)ی شوبرای (پرشنگ) دەرچوو و هۆی دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی (یونس)یش ئەوە بوو کە بۆتە جێگای گومان و بەڵگە هەیە کە ڕەنگە دەستی لە کوشتنی (سەربازی)ی برای هەبووبێت.

### هۆی مردنی سەرباز چی بوو؟

دوای دەرچوونی بڕیاری دەستگیرکردنی (یونس)، تیمێکی پۆلیس بەدوای ناونیشانی (یونس)داچوون و پاش دۆزینەوەی شوێنی کاری (یونس) لەناو دوکانەکەی خۆی بەدەستی کەلەپچەکراوەوە دەستگیرکراو ڕاپێچی بنکەی پۆلیس کرا بۆ لێکۆڵینەوەکردن لەگەڵیدا... لێکۆڵەری دادی بنکەکە وردو درشتی ئەم کێشەیەی بۆ باس کردین کە پێشتر خۆی لێکۆڵینەوەی لێکردبوو و گوتی: کێشەی (یونس) کە کوشتنی نادیار بوو، چەند ساڵێك پێش ئێستا ڕوویداوە دواتر بە حوکمی هەتاهەتایی زیندانی کرا، خۆی ئەم کێشەیە سەرەتا بەبێ لێکۆڵینەوە ڕۆیشتبوو ئەویش مردنی (سەرباز)ی مێردی (پرشنگ) بووە، ڕووداوی مردنی بە فڕێدانی لەناو ئۆتۆمبێل بووە لەو کاتەی کە لە هێڵی خێرا لە دەرەوەی شار لەگەڵ (یونس)ی برایدا بووە و گوایە دەرگای ئۆتۆمبێل کراوەتەوە لەوکاتەی کە خۆی ئۆتۆمبیلەکەی لێخوڕیوە، لەناو ئۆتۆمبێلدا دەرپەڕیوە و کەوتۆتە سەر زەوی و مردووە.

بۆیە(یونس)یش کە کارەکەی ئەنجامداوە و تیایدا سەرکەوتوو بووە و کەسیش نەیزانیوە و دەرکی پێنەکردووە، تەلەفۆنی بۆ ماڵەوە کردووە، کردویەتییە هاتووهاوار و گریان و لەخۆدان، گوایە تووشی ڕووداوی ئۆتۆمبێل بوونە و (سەرباز)تیایدا مردووە.

خێزانەکەی(سەرباز) و کەسوکاری هەردوولاش وەك ڕووداوێکی قەزاوقەدەر تێیدەگەن و هەر بەو جۆرەش تەرمەکەی بێ ئەوەی ببرێتە دادپزیشکی بۆ توێکاریکردنی، دەنێژرێ و تازیەی بۆ دادەنێن، بەڵام دوای ماوەیەك خێزانەکەی (پرشنگ) کە دەکاتە براژنی (یونس) گومانێکی توند لە(یونس) دەکات و دێت سکاڵای لەدژی تۆمار دەکات و ئێمەش لێکۆڵینەوەی لێدەکەین، کە (یونس)مان دەستگیرکرد سەرەتا بە هیچ شێوەیەك ملی نەدەدا و نکوڵیەکی تەواوەتی دەکرد، هەرچەندی هەوڵمان لەگەڵی دا بێ سوود بوو، ئەگەر ئەو بەڵگانەی لەدەستمان بوو، پێمان نەبوایە دوای یەك دوو هەفتە دڵنیابووم کە خۆی دەرباز دەکرد و دەبووایە لەبەر نەبوونی بەڵگەی تەواو ئازادمان

بکردایە، بەڵام ئێمە سەرەتا وا خۆمان لێی نیشاندا کە گوایە تەنیا گومانمان لێی هەیە و بێ بەڵگەین، گوتمان بزانین تاچەند بەردەوام دەبێ لەسەر نکوڵیکردن، بۆیە چەند ڕۆژێك وەها هێشتمانەوە، بەڵام هەر بە بەندکراوی، لە یەکێك لە ڕۆژەکانی لێکۆڵینەوە بانگی (پرشنگ)مان کرد و گوتمان سوورە لەسەر نکوڵی کردن، گوتی: ئامادەم ڕووبەڕووی ببمەوە و شتەکان ڕوونبکەمەوە و بەڵگەکان بخەمەڕوو، لێکۆڵینەوەکانمان بەردەوام بوو، ڕۆژێك بۆ تاقیکردنەوە بە(یونس)مان گوت کە وا دادوەر بڕیاری داوە ئازادت بکات، هۆی گومانکردن و گرتنیشت (پرشنگ)ی براژنت بووە، ئەو زۆر خراپ بۆتی تێکوشیوە و زمانی لێت داوە، بەڵام دیارە دەرکەوت کە گومان لێکردنەکەی ڕاست نەبووە، تۆ دەڵێی چی؟ (یونس) گوتی: چی بڵێم غەدر و زوڵمی لێکردووم، ئەوە چەند ڕۆژێکە لەبەندیخانەم و هیچ تاوانێکیشم نییە و بەبێ گوناه لە کونجی زیندان کراوم، ئەو ئەگەر ژنێکی باش بووایە نەدەبووە ژنی برام... هەوڵماندا زیاتر هانیبدەین و بەقسەی بێنین، بۆیە پێمان گوت: باشە تازە تۆ هیچت لەسەر نییە و پێشیینەشت پاکە و گومانەکەت بەیەکجاری لەسەر لاچوو، بۆچی ئەو براژنەت شکاتی لێکردی، خۆ چاکیش دەزانێ کە تۆ هیچ تاوانێکت نەبووە لەو ڕووداوەدا و شتەکە بە قەزاوقەدەر بووە؟ (یونس) سەرەتا زۆر بە وریاییەوە قسەی دەکرد، بەڵام کە ئەو قسانەمان پێیگوت، تۆزێك ترسی شکا و باشتر و ڕاشکاوانەتر قسەی دەکرد و گوتی: ئەو ژنە، ژنێکی فیتنەکار و لەخۆڕازی و لووت بەرزە، پێشتر بەر لەوەی شوو بە براکەم بکات من پەیوەندیم پێوە هەبوو، بەڵام دواتر ڕووی خۆی لێم وەرگێڕا، چەند جارێك پێم گووت دێمە خوازبێنیت، بەڵام ڕازی نەبوو، بەیەکجاری پەیوەندی لەگەڵ پچڕاندم، بەڵام چونکە (سەرباز)ی برام کەسێکی دەوڵەمەند و جوان بوو بەو ڕازی بوو، شووی بەو کرد.. منیش لەو کاتییەوە کەیفم پێی نایە و حەز بەچارەی ناکەم... کە ئەو قسانەی کرد، بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ دەنگیمان تۆمار دەکرد.

گوتمان کەواتە تۆ گومانێکراوە سەرەکییەکەی، یەکسەر بانگی (پرشنگ)مان کرد کە لە ژوورەکەی تر دامانانابوو، بۆ ئەوەی گوێی لە قسەکانی بێت و پاشان بیهێنین ڕووبەڕووی بکەینەوە و بە بەڵگەوە لە پێش (یونس) قسە بکات، کە بانگی (پرشنگ)مان کرد و هاتە ژوورەوە (یونس) ڕەنگ و ڕووی تێکچوو، بەسەرسامیو نیمچە ڕووخانەوە سەیری ئێمە و هاتنی (پرشنگ)ی دەکرد، لەو کاتیش کە(پرشنگ) هاتە ژوورەوە ئامێری تۆمارەکەم لە پێش چاوی (یونس) لەسەر مێزەکە دانا، مەبەستم بوو بێ ئەوەی قسە بکەم بە(یونس) بڵێم: ها ئەگەر ویستت نکوڵی بکەی ئەوە سوودی نییە قسەکانت وا تۆمار کراون، بە(پرشنگ)م گوت: فەرموو قسەکانت بکە، ئەویش گوتی: ئەوەی وا لەبەردەمتان وەستاوە شووبرامە، کابرایەکی تابڵێی خۆپەرست و دڵ ڕەشە، من و ئەو لەیەك پەیمانگا بووین، ساڵی دووەمی خوێندن خۆی لەمن لە پێش دەکرد و بەقسەی لووس و خۆش لێمدەهاتە پێشەوە دووجار پێی گوتم دێمە خوازبێنیت، بەڵام من گوتم جارێ بیرم لە شووکردن نەکردۆتەوە، زۆر هەوڵی لەگەڵدام و خەریك بوو بێزاری دەکردم، هەوڵمدا تێیبگەیەنم، کەچی هەر وازی لێنەدەهێنام هەوڵمدا تەلەفۆنی ماڵەوەیان وەربگرم و لەگەڵ برایەکی گەورەی یان باوکی قسە بکەم و وا بکەن وازم لێبێنێ، ئەوە بوو تەلەفۆنی برا گەورەکەیم دەستکەوت کە ناوی (سەرباز) بوو، بە قسم پێمگوت: گوتی من چارەسەری ئەو کێشەیەت بۆ دەکەم، ڕۆژێك هاتە پەیمانگا و یەکتریمان بینی، لە ڕاستیدا (سەرباز) و(یونس) دوو کەسی یەکجار جیاوازبوون،(سەرباز) لە هەموو ڕوویەکەوە کەسێکی دیارو بەرچاو بوو، ئیتر بە ماوەیەك بەخۆشی و ناخۆشی توانی (یونس)م لەکوڵ بکاتەوە، بەڵام بەڕاستی (سەرباز) چووە دڵمەوە ئیتر وردەوردە پەیوەندی من و(سەرباز) بەهێز بوو، دواتر بووە خۆشەویستی، ڕاستە(سەرباز) کەسێکی هەبوون بوو، خاوەن دوارۆژێکی گەش و گەنجێکی بەرچاوبوو، بەڵام من هەرگیز بۆ ماڵی دونیا خۆشم نەویست، بەڵکو من خۆیم خۆشویست، فەرموو ئێستاکە مردووە چی لەماڵی دنیا بکەم چی لە خانوو و ناوماڵ و ئۆتۆمبێل و زێڕ و پارە بکەم، بە کەڵکی چیم دێت...(یونس) کە زانی چارەنووسی من و (سەرباز)ی برای بەیەکەوە گرێدرا، ڕۆژێك لەناو باخچەی پەیمانگا بووین و لەگەڵ کچێکی هاوڕێم دانیشتبووم لێم نزیکبووەوە و بە چریە پێی گوتم: تۆ بڕۆ تازە کەپڵی خوت بینیەوە، بەڵام شەرت بێت نەیەڵم خۆشی لەخۆت ببینی ئەگەر نزیکترین کەسیشم کوشتبێت، ئەوسا ئەو هەڕەشەیەم بەهەند وەرنەگرت، بەڵام بە (سەرباز)یشم گوت، ئەویش گوتی: گوێی مەدەرێ من دەزانم چۆن لە سنووری خۆی ڕایدەگرم... بەهەرحاڵ دوای تەواوکردنی پەیمانگا(سەرباز) هاتە خوازبێنیم و پاشان ژیانی هاوسەرێتیمان پێکەوەنا، بەڵام (یونس) نە قسەی لەگەڵ من دەکرد نە هاتووچۆی ماڵیشمانی دەکرد، بەر لە مردنی (سەرباز) بە چەند ڕۆژێك هاتە ماڵمان و لەگەڵ من و(سەرباز)یش ئاشت بۆوە وەك ئەوەی هیچ ڕوونەدابێت، ئیتر ئەوە بوو ڕۆژێك لەگەڵ (سەرباز) دەچوونە شارێکی تر لە ڕێگا(سەرباز) دەشێوێنێ و بە فێڵێك دەرگا دەکاتەوە و فڕێدەداتە خوارەوە و وانیشان دەدات کە گوایە ڕووداوێکی قەزاوقەدەر بووە و دەرگای ئۆتۆمبێل کراوەتەوە و لەناو ئۆتۆمبێل دەرپەڕیوە، پاش تازییە بەدووسێ ڕۆژ بە تەلەفۆن قسەم لەگەڵ دەکات و چەند جارێك تەلەفۆن کردنی دووبارە دەکاتەوە، لە قسەکانیدا بۆنی ئەوەم لێدەکرد کە ئامادەیە ئەگەر ڕازی بم بمخوازێت، منیش ئەو مەسەلەیەم بە باوکم و براکانم گوت، ئەوانیش گوتیان ئەوجارە کە تەلەفۆنی کرد مۆبایلەکەت بخە سەر تۆمارکردن با قسەکانی تۆمار بکات، منیش وامکرد و لە قسەکردندا پێمگوت کە ڕازیم شووی پێبکەم و هەندێ قسەشم بە(سەرباز) گوت بۆ ئەوەی بزانم چی دەڵێ، ئیتر ئەوە بوو دەستی پێکرد و هەموو شتێکی گوت کە چۆن بۆ ئەوەی لەلایەك تۆڵە لە براکەی بکاتەوە و لە لایەی دیکەش قسەکەی خۆی بباتە سەر و من بخوازێت ئەو کارەی کردووە، ئەو قسانەشم بۆتان لێدا کە لە مۆبایلەکەم تۆمارم کردبوو... ئێمەش موبایلەکەمان لەناو چەکمەچەکە دەرهێناو بۆ(یونس)مان لێدا، ئەویش کە گوێی لە قسەکانی خۆی بوو کە چۆن چەند ڕۆژێك نەخشەی داناوە و چۆن لەناو ئۆتۆمبیل براکەی شێواندووە و دەرگای کردۆتەوە و فڕێیداوەتە خوارەوە و بە قەزاوقەدەری چواندووە و چۆن مەبەستی بووە لەلایەك براکەی لە کۆڵ بکاتەوە دەست بەسەر ماڵەکە دابگرێت و لەلایەکی تریش خێزانەکەی زەوت بکات و بیخوازێت گوایە بۆ بێگانە هەوڵیداوە کەس وکاریشی بێنێتە سەر ئەو بڕوایە...

(یونس) کە ئەو قسانەی خۆی گوێ لێبوو بە تەواوەتی وەڕەی ڕووخا و ئەو بڕە لاملییەی کە هەیبوو ئەویشی نەماو دانی بە هەموو شتێك نا.. دوای دانپیانانی، دادگای لێکۆڵینەوە دۆسیەکەی ڕەوانەی دادگای تاوان کرد و لەوێش دوای چەندین دانیشتنی دادگا، لە کۆتاییدا بە زیندانی کردنی هەتاهەتایی حوکمدرا و کێشەکە کۆتایی پێهات.

**پرشنگ کە دەیزانی (یونس) چاوی هەر لەسەریەتی و حەزی لێدەکات، نەدەبوایە مێردی بە(سەرباز)ی برای کردبا، چونکە حاڵەتی لەوجۆرە کاریگەری دەروونی خراپ جێدەهێڵێت، لە ڕووی عورفی کۆمەڵایەتیشەوە شتێکی مەرفوزە**

### لە نێوان ماڵئاواییکردن و پێشوازیکردن لە ساڵێکی تەمەن

# چۆن لە رۆژی لەدایکبوونمان دەڕوانین؟



**مامۆستایەک: جەژنی لەدایک بوون گەورەترین جەژنی خێزانە لە ئەوروپا**

**کچێک: رۆژی لەدایک بوونی هاورێ و کەسە خۆشەویستەکانم لای خۆم نووسیوە و هەموو ساڵێک پیرۆزباییان لێ دەکەم**

ئا: هێمن قەسری
hemntoni@yahoo.com

**کۆمەڵایەتی**

***جەژنی لەدایك بوون یەکێکە لە خۆشترین رۆژەکانی ژیان، ماڵئاوایی کردنە لە ساڵێکی تەمەن و پێشوازی کردنە لە ساڵێکی نوێ.ئەم جەژنە لەلایەن هەندێ کەسەوە بایەخی خۆی هەیە و ساڵانە یادی رۆژی لەدایك بوونی خۆیان دەکەنەوە،بەپێچەوانەوە لەلایەن هەندێ کەسی ترەوە جیاوازی نییە لەگەڵ رۆژەکانی تر. وەك دیارە لە وڵاتە پێشکەوتووەکان ئەم یادە گرنگی خۆی هەیە،لە کوردستانیش هەندێ جار ئاهەنگی بچووکی لەو شێوەیە دەبینین،بەڵام هێشتا نەبۆتە دیاردەیەك بەوەی هەموو کەسێك یادی لەدایك بوونی خۆی بکاتەوە، ئێمە لێرەدا رای چەند کەسێك وەردەگرین بۆ ئەوەی بزانین چۆن دەڕواننە جەژنی لەدایك بوون.***

(شلێر باپیری) تەمەن ٢٢ ساڵ رۆژی لەدایك بوونی بە گرنگترین رۆژ دانا لە تەمەنی مرۆڤ دا،ئەو ئاهەنگی بەو بۆنەیەوە ساز کردووە بەڵام هەموو ساڵێك نا، هاورێکانی دیاریان بۆ هێناوە و دیاریی پێشکەش بەو کەسانە کردووە کە خۆشی دەوێن. شلێر رۆژی لە دایك بوونی ئەو هاورێ و کەسانەی زۆر لای ئازیزن لای خۆی نووسیوە و هەموو ساڵێك پیرۆزباییان لێ دەکات. (هانا حەمەدەمین)ی تەمەن ٢١ساڵیش لە ١٤ی ٢ یان رۆژی ڤالانتاین لەدایك بووە بۆیە ئەو رۆژە زۆر خۆشە لای ئەو و ساڵانە یادی دەکاتەوە. هەرچەندە (هانا) تا ئێستا هیچ جارێك ئاهەنگی نەکردووە، بەڵام هاورێکانی پیرۆزباییان لێ کردووە. (هانا) دەڵێت"پیرۆزباییم لە هاورێکانم کردووە لە رۆژی لەدایك بوونیان دا ئەوانیش پیرۆزباییان لێ کردووم،هەندێ جاریش بە نامە یان تەلەفۆن پیرۆزباییم لەو کەسانە کردووە کە دوورن لێم. رۆژی لەدایك بوونی چەند هاورێیەکم دەزانم و ساڵانە پیرۆزباییان لێ دەکەم". (ئەڵماس محەمەد) بێژەر لە کەناڵی کوردستان تیڤی یەکێکە لەوانەی ساڵانە ئەم یادە دەکاتەوە، ئەڵماس دەڵێت"لە منداڵییەوە تا ئێستا هەموو ساڵێك ئەو یادە دەکەمەوە و بە رۆژێکی زۆر خۆشی دادەنێم. زۆر دیاریم پێشکەش کراوە بەتایبەتی لەلایەن خزم و کەسوکارم هەروەها قوتابیانی کۆلێژەکەم. منیش دیاریم پێشکەشیان کردووە و پیرۆزباییم لێ کردووم، ئەگەر کەسەکە لێم دووربێت بە ئێس ئێم ئێسێك یان تەلەفۆنێك پیرۆزبایی لێ دەکەم" دواجار ئەڵماس ئاماژەی بەوە دا کە جگە لە خزم و کەسوکاری،رۆژی لەدایك بوونی شەش کەس دەزانێت.(دارلا)ی تەمەن

٢١ ساڵیش دەربارەی ئەم بابەتە دەڵێت" ئەم جەژنە زۆر باشە بۆ منداڵ، هاوڕێکانی ئامادە دەبن، وێنە لەگەڵ یەکتر دەگرن ئەمانە هەموویان دەبنە یادگاری."دارلا بۆ کچە بچووکەکەی ئاهەنگی سازکردووە،بۆ خۆشی هەموو ساڵێك لەماڵی دایکی بە کێکێکی تایبەت یادی لەدایك بوونی دەکاتەوە. (دارلا) باسی ئەوەشی کرد کە خوشکەکانیشی هەموو ساڵێك بە شێوەیەکی تایبەت ئەو جەژنە بە ڕێدەکەن و دیاریان بۆ دێت دیارییەکانیش بە زۆری بازنە یان ئەنگوستیلە یان تاخمی کریستاڵ یان دیارییەکی تایبەتی و زۆربەی جارەکانیش لە چێشتخانە یان پارك یان شوێنێکی تایبەت ئەو ڕۆژە بە خۆشی بەسەر دەبەن. (مەریوان قادر) تەمەن ٢٤ ساڵ بەم شێوەیە رای خۆی دەربڕی"ڕۆژێکی خۆش نییە، هەست دەکەم ساڵێك لەتەمەنم دەڕوات و کەم دەبێتەوە،بۆیە زۆر کەم یادی دەکەمەوە. لەم چوار ساڵەی دواییدا جارێك یان دووجار ئەو یادەم کردووە."مەریوان بەردەوام بوو لە قسەکانی" بۆ دیاری پێشکەش کردنیش من دیاریم پێشکەشی زۆر کەس کردووە بەڵام زۆر دیاریم پێشکەش نەکراوە. ئەگەر بزانم ڕۆژی دواتر ناتوانم سەردانی هاوڕێیەکم بکەم و پیرۆزبایی لێ بکەم،ئەوا ئێوارە یان شەوی پێشتر زەنگی بۆ لێدەدەم و پیرۆزبایی لێ دەکەم، ڕۆژی لەدایك بوونی حەفت کەس دەزانم" . "ڕاستییەکەی بە هیچ شێوەیەك نەم دەزانی جەژنێك هەیە بەناوی جەژنی لەدایك بوون تاکو ساڵی پار ئەوەم زانی. تا ئێستا دیاریم بۆ کەس نەبردووە و پیرۆزباییم لە کەس نەکردووە بە هەمان شێوەش کەس دیاری پێشکەش نەکردووم و پیرۆزباییان لێ نەکردووم،ڕۆژی لەدایك بوونی کەسیش نازانم" ئەمە قسەی (سەرکەوت لەزگین)ی تەمەن ٢٢ ساڵ بوو،بەهەمان شێوەی سەرکەوت،(شێروان ئەحمەد)ی تەمەن ٢٤ ساڵ تا ئێستا یادی لەدایك بوونی خۆی نەکردۆتەوە، سەبارەت بە هۆکارەکەی گوتی" دابونەریت و کۆمەڵگا ڕێگا نادات، ئەگەر من ئەوە بکەم برادەرەکانم گاڵتەم پێ دەکەن،خەڵك دەڵێن کەسێکە خۆی پێ گەورەیە و لەخۆباییە. من زۆر حەزدەکەم ئەو جەژنە ببێتە نەریتێك بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە دیاریم پێشکەشی کەس کردووە و نە پیرۆزباییم لەکەس کردووە" (بێریڤان حەیدەر) تەمەن ٢١ ساڵ بەم جۆرە رای خۆی دەربڕی" یادی ئەو ڕۆژە دەکەمەوە ئێستا هەموو ساڵێك ئاهەنگم سازداوە و بۆ خوشك و براکانیشم هەموو ساڵێك ئەم یادەمان کردۆتەوە.هاوڕێکانم دیاریان بۆ هێناوم منیش دیاریم بۆ بردوون لەبەر ئەوەی هەست دەکەم بەو جۆرە خۆشەویستی لەنێوانمان زیاتر دەبێت،گشت دیاریەکانیشم هەڵگرتووە و زۆر بە پیرۆزیان دەزانم". (ڕێژین سابیر)ی تەمەن ٢٠ ساڵ دەڵێت"لەرۆژی لەدایك بوونی دەستە خوشکەکانم پیرۆزباییم لێیان کردووە و دیاریم پێشکەش کردوون بەهەمان شێوە هاوڕێکانم دیاریان بۆ هێناوم،ڕۆژی لەدایك بوونی زۆربەی هاوڕێ نزیکەکانم دەزانم".(عیمران هاشم)تەمەنی ٢١ ساڵە،ئەو پێی وایە لەبەر چەند هۆکارێك باشترە ئەو یادە نەکرێت یەك لەوانە قسەی خەڵکە،بۆیە ئەو تا ئێستا ئەو یادەی نەکردۆتەوە و دیاری پێشکەش کەس نەکردووە بە هەمان شێوەش کەس دیاری پێشکەش نەکردووە. (ڕێژنە کەریم) تەمەن ٢١ ساڵ دەڵێت"تا ئێستا بەو بۆنەیەوە ئاهەنگم ساز نەداوە بەڵام پیرۆزباییم لەکەسە نزیکەکانم کردووە و دیاریم پێشکەش کردوون. تا ئێستا بە تەلەفۆن پیرۆزباییم لەکەس نەکردووە بەڵکو سەردانم کردوون و پیرۆزباییم لێ کردوون" (ڕێباز جەعفەر) تەمەن ٢٢ ساڵ بەم شێوەیە قسەی کرد" ڕۆژێکی خۆشە لای من هەرچەندە تا ئێستا هیچ ئاهەنگێکم ساز نەداوە لەبەر ئەوەی هاوڕێکانم بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ ناکەن، حەزدەکەم لێرەش ئەمە ببێتە نەریتێك و وەك ڕۆژێکی پیرۆز سەیر بکرێت. تا ئێستا تەنیا پیرۆزباییم لە یەك دوو کەس کردووە".توێژەر (ژینۆ سەباح)تەمەن ٢٢ ساڵ لەم بارەیەوە گوتی"یادی لەدایك بوون لەهەموو یادەکان خۆشترە لای من،ئەو یادەم کردۆتەوە،پیرۆزباییم لێ کراوە و دڵم زۆر خۆش بووە لەو ڕۆژەدا هەستم کردووە هەموو ڕۆژانی منداڵیم بیردێنێتەوە. دیاریان پێشکەش کردووم منیش دیاریم پێشکەشیان کردووە،هەندێ جاریش بە تەلەفۆن پیرۆزباییم لێ کردوون" لە کۆتاییدا ویستمان رای (دکتۆر سەپان) مامۆستا لە بەشی ڕاگەیاندن وەربگرین بەو پێیەی ساڵانێکی زۆر لە ئەوروپا ژیاوە بۆ ئەوەی بزانین ئایا لەوێ خەڵك چۆن سەیری ئەم ڕۆژە دەکات،دکتۆر سەپان گوتی"جەژنی لەدایك بوون گەورەترین جەژنی خێزانە لە ئەوروپا، زۆر بەگەرمی پێشوازی لێ دەکرێت. منداڵەکان ماوەیەك پێش یادەکە لەگەڵ دایك و باوکیان دەچن بۆ شوێنی تایبەت بە یاری منداڵان خەریك دەبن و داوای ئەو شتە دەکەن کە حەزی لێدەکەن و ئەوانیش بۆی دەکڕن. ئەوانەی دەیانەوێت دیاریەك بۆ خۆشەویستەکەیان بکڕن دەزانن چی پێویست یان حەزی لە چییە. زۆربەی جاریش ئەگەر یادی کیژ بێت چەپکێك گوڵی پێشکەش دەکەن " سەبارەت بەوەی ئایا خۆی چۆن یادی لەدایك بوونی دەکاتەوە، دکتۆر سەپان گوتی"من و هاوسەرەکەم سێ ڕۆژ دەکەوێتە نێوان جەژنی لەدایك بوونمانەوە، ٧_١ و ١٠-١ بۆیە زیاتر دەیکەینە یەك ئاهەنگ. لێی دەپرسم چی دەوێت یان خۆم دیاریەکی تایبەتی پێشکەش دەکەم، دیاریەکانیش بە زۆری بریتین لە بۆن،جلوبەرگ یان شتی جوانکاری و مکیاژ و دیاری تر. ئێوارەی ڕۆژەکە ئەگەر یادی لەدایك بوونی منداڵەکان بێت پازدە تاکو بیست خێزان بانگهێشت دەکەین و بە یەکەوە نان دەخۆین، دواتر سەما دەکرێت، بەداخەوە لێرە وا نییە"

**کوڕێک:
گەر یادی لەدایک بوونم بکەمەوە گاڵتەم پێ دەکەن**












# خۆشەویستییەک لە ڕێگای مۆبایل
# ژیانی نیان بەرەو کوێ دەبات؟



ئا: خەندە گۆران

هەر لەم روانگەیەوە ساتێك دەچینە نێو دونیای خۆشەویستی (نیان) تا بزانین چ دنیایەکی پڕ لە خۆزگە و هیوای هەبووە، (نیان) کچێکی نەرم و ناسك و نیان بوو، هیچ کات بڕوای نەدەکرد رۆژێك لە رۆژان ببێتە عاشق و کوڕێك بێتە نێو ژیانی،(نیان) تەمەنی (١٨) ساڵ دەبێت قوتابی قۆناغی دواناوەندی دەبێ کاتێك لەلایەن خانەوادەکەی بەبێ رەزامەندی و ئاگاداری خۆی مارەیی لە کوڕێکی ناسیاوی خۆیان دەبڕدرێ بێ ئەوەی هیچ شتێك لە باری هاوسەرێتی و خۆشەویستی بزانێ ، دوای پێنج مانگ لە شووکردنی ئەو کوڕەی کە کە مێردی پێ کردبوو بەهۆی رووداوێکی ئۆتۆمبێل گیانی لە دەست دەدات، دوای شەش حەوت مانگ (نیان) لە ماڵە خەزورانی دەمێنێتەوە، بۆیە ماڵی خەزوری مەوزوعی شووکردنەوەی (نیان) بۆ کوڕێکی دیکەیان لای ماڵی باوکی (نیان) دەکەنەوە ئەمجارە دەیانەوێ رەزامەندی ئەو وەربگرن، بەڵام رەتی دەکاتەوە و دەڵێت بە چاوی خوشکەوە سەیری شوبراکانی دەکات و هیچ کاتیش بیر لەوە ناکاتەوە کە رۆژێك شو بە شوبراکانی بکاتەوە، بۆیە بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ماڵی باوکی دەدات تا جارێکی دیکە نەبێتەقوربانی دەستی هیچ کەسێك، هەروەها بڕیاریش دەدات سەر لە نوێ ژیانی خۆی دەست پێ بکاتەوە و درێژە بە خوێندنەکەی بدات، هەر چەندە گوشاری زۆریشی لەسەر بوو، تاوەکو شوبکاتەوە، بەڵام ئەو هەر سووربوو لەسەر بڕیاری خۆی، بەداخەوە مرۆڤ نازانێ، چ نهێنییەك لە ژیان بۆی حەشاردراوە، بەرێکەوت رۆژێك کوڕێك بەهەڵە پەیوەندی بەژمارەکەی (نیان)ەوە دەکات، کە وەڵام دەداتەوە بە کوڕەکە دەڵێت:

بەڕێز ژمارەکەت بە هەڵە لێداوە کوڕەکە ئەوکات بە لێبوردنەوە تەلەفۆنەکە دادەخات، بەڵام بۆ رۆژی دواتر هەمان ژمارە دووبارە پەیوەندی دەکاتەوە کە(نیان) وەڵامی دەداتەوە دەست بە قسەکردن دەکات و ئەمجارەش(نیان) داوای لێ دەکات چیتر پەیوەندی بەو ژمارەیەوە نەکات، پێی دەڵێ بە دڵنیاییەوە من ئەو کەسەنیم کە تۆ

# ــــــلەوە



بەدوای دەگەڕێی، بۆیە کوڕەکە لەگەڵیدا دەکەوێتە قسەکردن و داوای لێبوردنی دووبارە لێ دەکاتەوە و کە گوایە ئەو لەمجۆرە کوڕانە نییە کە بە کچی خەڵك رابوێرێ و ئەو بە قوتابی زانکۆ خۆی پێ ناساند، ئەم جارەیان قسەکردنەکەیان لە جاری یەکەم زیاتری خایاند(نیان) لەگەڵی نەرم و نیان دەبێت لە قسەکردنا و خواحافیزی لەیەك دەکەن، ئەم رووداوە دەبێتە هۆی یەکتر ناسین و نزیك بوونەوەی ئەم دوو کەسە، بەمجۆرە پەیوەندییەکەیان بەردەوامبوو، رۆژانەقسەیان لەگەڵ یەکتری دەکردوو لە ئەحواڵی یەکتریان دەپرسی تا بووە پەیوەندییەکی خۆشەویستی، ئەوکات بڕیاریاندا کەوا یەکتری ببینن بۆ ئەوەی قسەی زیاتر لە دوا رۆژی خۆیان بکەن، کات و شوێنی ژوانیان دەستنیشانکرد بۆ یەکتر بینین دوای یەکتر بینینوو دانیشتن و قسەکردنێکی زۆر، خواحافیزییان لەیەك کردو و هەر لە رێگادا پەیوەندی بەیەکەوە دەکەن بۆ ئەوەی رای یەکتر لەسەر هەڵسوکەوتوو رووخساری یەکدی بزانن و وەڵامی هەردووکیان ئیجابی دەبێت، بەمجۆرە پەیوەندییەکی قووڵ لە نێوانیاندا دروست دەبێت و دەگاتە رادەی خوازبێنی(نیان) بە(کاوە) دەڵێت: کەوا بێتە داوای ئەویش رازی دەبێت و (نیان) یش زۆربە خۆشحاڵییەوە ئەم هەواڵە بە ماڵەوەیان رادەگەیەنێ، بەڵام بەشێوەیەکی لە ناکاو(کاوە) تەلەفۆنی بۆ دەکات و پێی دەڵێت : تا دوو مانگی دیکە ناتوانێ بچێتە بۆ داوای، چونکە کێشەیەکی خێزانییان هەیە، هەر کاتێ کێشەکەیان چارەسەر بوو ئەوکات خوازبێنی دەکات (نیان) بەم هەڵسوکەوتەی(کاوە) تووڕە دەبێت پێی دەڵێت: بۆچی پێشتر وات نەگوت من بە ماڵەوەم رانەگەیاندبایە، دیارە ئەوە جاری یەکەم دووەمی ئەو کوڕە نابێت کەوا بە ئەمڕۆ و بە سبەی و مانگ و چەند مانگێکی تر پەیوەندییەکە دەباتە سەر و گرفت لە نێو خانەوادەکەی (نیان) پەیدادەکات بەو رادەیەی ماڵەوەیان پێی دەڵێن تۆ کێت هەڵبژاردووە هەر رۆژەی بە بیانوویەك خۆی لە مەسەلەکە دەدزێتەوە؟ هەر یەك لەلایەك قسە دەکەن و پێی دەڵێن تۆ تا دوێنێ ئامۆژگاری ئێمەت دەکرد ئەمڕۆ چۆن دوای کوڕێکی فێڵباز و ساختەچی کەوتووی بەمجۆرە فریوی دای و یاری بە ئەقڵ و سۆزت دەکات؟ بۆیە لەگەڵ ئەم هەموو قسە پێ گوتنە(نیان) دەبوورێتەوە لەهۆش خۆی دەچێت، بە پەلە دەیگەیننە نەخۆشخانەو دوای چەند کاتژمێر مانەوەی دێتەوە هۆش خۆی و لەو ماوەیەش(کاوە) چەندین جار پەیوەندی دەکات، بەڵام ئەو کاتی نابێت وەڵامی بداتەوە و هەر کە دەگەڕێنەوە ماڵەوە پەیوەندی پێوە دەکات و مەسەلەکەی پێ دەڵێت بەڵام ئەو تورە دەبێت و لەگەڵ ئەمەشدا هیچ موراعاتی(نیان) ناکات و پێی دەڵێت: من لەبەر ئەوە پەیوندییم پێوەکردی تا پێت بڵێم سەفەرێکم کەوتۆتە پێشوو تا چەند مانگی دیکە ناگەڕێمەوە، بۆیە ناتوانم بێم بۆ داوات بەڵام دڵنیابە کە گەڕامەوە بەسەلامەتی ئەوە هەر بۆ رۆژی دواتر دێمە داوات ئینجا خوا حافیزی دەکا و موبایلەکەی دادەخات.

ئەوکات پشوی هاوین دەبێت بە قسەی خۆی پێش دەست پێکردنی دەوامی کۆلێژ دەگەڕێتەوە، بەڵام دوای چەند رۆژێش لە دەوامی کۆلێژ(کاوە) هیچ هەواڵێکی نابێت و (نیان)یش هەر لە چاوەڕوانی هەواڵێك دەبێت و هەر زەنگی موبایلی هاورێکانیشی گوێ لێ بوویایە دەستی بۆ جانتاکەی دەبرد وای دەزانێ زەنگی موبایلەکەی ئەوە، چرکەوساتە(نیان) هەر لە چاوەڕوانی هەواڵێکی(کاوە) بوو دەترسا لەوەی کە خوانە خواستە نەوەکو(کاوە) شتێکی لێ سەرهاتبێ بۆیە، بیر دەکاتەوە کە بچێت بۆ کۆلیژ و بەڵکو لە هاورێکانی هەواڵی خۆشەویستەکەی دەست کەوێت، کە دەچێ لە قوتابییەکانی قۆناغی چوار دەپرسێ هەواڵێکی زۆر ناخۆش دەبیستێ، ئەویش وەرگرتنی مۆڵەتی زەواجی (کاوە)یە دەڵێن ئەمڕۆ تا دوا رۆژی مۆڵەتەکەیەتی و لەوانەیە ئێستا بەدەربکەوێت، ئەم هەواڵە بۆ (نیان) سەدمەیەکی کاریگەر دەبێ، هەر لەوێ رەنگی زەردەبێت و ئاگای لەخۆی نامێنێ و بە چاوی پڕ لە گریانەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە ، رۆژ لە دوای رۆژ باری تەندروستی خراپتر دەبێت و تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت، ماڵەوەیان چەندین دکتۆری پێدەکەن، بەڵام بەداخەوە لە دەرمانی بێ هۆشکەر زیاتر چی دیکەی بۆ نانووسن و چارەی دەردی دڵی ناکەن، بۆیە لە دەرنگانێکی شەودا کاتێك شار هێمن و خامۆشە و خەڵکی لە خریەی خەوێکی خۆشدان، بەهۆی خواردنی دەرمانێکی زۆر لەو دەرمانانەی کە دکتۆر بۆی نووسیبوو کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ.

من لێرە بڕیار بۆ خوێنەر جێ دێڵم تەنیا ئەوە نەبێ دەڵێم گەر قوتابییەکی زانکۆ ئەوە بیرکردنەوەی بێت بۆ خۆشەویستی دەبێ بەیانی چ وانەیەك فێری نەوەی نوێ بکات؟!

**زۆر سەیرە بۆ ژنێکی وەک(نیان) تەنیا لە رێگەی دەنگی مۆبایلەوە، بێ بینین و ئاشنابوون بە هەڵسووکەوتی کورێک، عاشقی ئەو کورە بێت و وەک خۆشەویستی خۆی مامەڵەی لەگەڵ بکات!!**

**ئەوکاتەی دوو مرۆڤ یان دوو حەز لە نێو گۆشەیەکی خۆشەویستیدا تێکەڵاوی یەکتر دەبن و هەوڵدەدەن بۆ پێکەوەنانی ژیانێکی بەختەوەر و هەمیشەیی، بێگومان جوانترین و خۆشترین کات دەبێت لە ژیانی ئەم دوو زاتەدا**